
## رۆبۆت دەبێتە ئەندامێکی خێزان

لەمێژە هەوڵ لە ئارادایە کە رۆبۆت شوێنی مرۆڤ بگرێتەوە و ئەرکەکانی مرۆڤ سووکتر بکات. لەم دواییەدا کۆمپانیایەکی ژاپۆنی رۆبۆتێکی بەناوی pepper بەرهەم هێناوە کە دەکرێت وەك ئەندامێکی ماڵەوە سەیر بکرێت و هاونشینێکی باش بێت و هەستەکانی خۆتی لەلا دەربڕی و تێت بگات. رۆبۆتەکە بەیانییان زانیاری لەبارەی کەش و هەوا بڵاو دەکاتەوە و پاشان نوێترین هەواڵەکان دەخوێنێتەوە. رۆبۆتەکە چەند مانگێك دەبێت بەرهەم هاتووە، بەڵام تازە کەوتۆتە بازاڕ و تەنیا لە خولەکی یەکەمدا هەزار دانەی لێفرۆشراوە. رۆبۆتەکە دەتوانێت وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە، تەنانەت لە کۆنفرانسی رۆژنامەوانیشدا بەشداری بکات.







## هاردی ئیسکترنال ٤ ترابایتی

هاردی ئیکسترنال، یان دەرەکی باشترین ئامێری داگرتن و هەڵگرتنی داتاکانە، هەم خێرایی زۆر هەم قەوارەیەکی مەزنی هەیە. سامسۆنگ هەوڵیداوە قەوارەی هاردە دەرەکییەکان لەو رێژەیەی ئێستاشی تێپەڕێنێ و بیگەیەنێتە 4 ترابایت... بۆیە لەم ماوەیەدا هاردی P3 Portable و M3 portableی بەرهەم هێنا کە دەکرێ وەك خێراترین هارد لە جیهاندا سەیر بکرێت. هاردەکە سایزەکەی تەنیا 2.5 ئینجە و، کێشیشی تەنیا 235 گرامە. گواستنەوەی زانیارییەکان لەو هاردانەدا 5 گێگا لە چرکەیەکدایە و لە کەلێنی USB3 سوود وەردەگرن.

## خۆپاراستن لە تیشکی خـــــــ

لەمەولا هاوینە و گەرما زیاتر دەبێت و بۆ ئەوانەی لە دەرەوەن دەبێ ئاگایان لە زیانەکانی تیشکی خۆر بێت. زۆر رێگە هەن بۆ خۆپاراستن لە تیشکی خۆر، وەك هەڵدانی سەیوان و کرێمی پاراستنی پێست و...تاد، تەکنەلۆژیای دیجیتالیش ئێستا بۆتە شێوازێکی نوێ بۆ خۆپاراستن لە تیشکی خۆر. ئامرازێکی دیجیتالی بەناوی JUNE بەرهەم هاتووە کە لە شێوەی بازن یان ملوانکەیە. ئەرکی ئەم





## ماوس لە دڵی کیبۆرددا

مـــاوس لەریـــزی پارچـــە گرنگەکانـــی کۆمپیوتەر ســـەیر دەکرێت، هەرچەنـــدە لاپتۆپـــەکان بەهۆی تەختە لەمســـییەکانیانەوە توانیویانە تا رادەیـــەك بەکارهێنەر لە ماوس بێنیاز بکەن، بەڵام بە راســـتی ئەویش بە تەواوی نەیتوانیوە شوێنی ماوس بگرێتەوە. خوێندکارێکی کۆری هەوڵیـــداوە کیبۆرد و ماوس تێکەڵ بەیەك بکات و پێکەوە بیانبەســـتێتەوە. لە ئاکامدا کیبۆردێکی بەرهەمهێناوە کە بە ناوی moky ناســـراوە. ئەم کیبۆردە هەم ماوسە و هەم کیبۆرد. بە لەمســـکردنی دوگمەکان بەبـــێ داگرتنیان دەتوانـــی کاری تاچ پـــەد، یان ماوس ئەنجـــام بدرێت. کیبۆردەکە بۆ گشـــت ئامێـــرەکان وەك مۆبایل، تەبلێت و لاپتۆپ دەگونجێت.

## ـــــــۆر بە تەکنەلۆژیا بسپێرە

بازنە ئەوەیە کە بەردەوام رێژەی تیشـــکی زیانبەخشی خۆر واتە تیشـــکی سەرووی ســـەوز دیاری دەکات، ئامێرەکە لە مۆبایل پەیوەند دەدرێت و بەهۆی پرۆگرامەکەوە ئاگاداری بەکارهێنەرەکـــەی دەکاتەوە لـــە زیانەکانی تیشـــکی خـــۆر. پرۆگرامی JUNE رێنمایی ســـەبارەت بەکارهێنانی کرێمـــی تایبـــەت بەخـــۆر، یان چاویلکەی تایبەت بە تیشـــکی هەتاو بەبەکارهێنەرەکەی دەدات.



## ئایفۆنەکەت بکە بە کامێرایەکی پیشەیی

گشت لایەکمان بە کامێرای ســـەر مۆبایلەکانمان وێنە دەگرین، بەڵام ئەوەندە دەزانین کە کامێرای سەر مۆبایل راســـتە هەندێکیـــان وێنەکانیان جوانن، بەڵام ناگەنە کوالیتی کامێرایەکی پیشەیی، ئامێری DxO One ئەو ئامێرەیە کە مۆبایلەکەت دەکاتە کامێرایەکی پیشەیی زۆر بەهێز، ئەو ئامێرە قەوارەیەکی بچووکی هەیە، بەقەد چەرخێك دەبێت، بەڵام لەناو ئەو ئامێرەدا هەســـتەوەرێك هەیە کە کوالیتی وێنەکان دەگەیەنێتە ٢٠ میگاپیکســـل، لە پشـــت ئامێرەکە شاشەیەکی بچووکی لەمسی هەیە کە بۆ رێکخستنی ئامێرەکەیە و لەسەرڕووەوەشی دوگمەی تایبەت بە وێنەگرتن هەیە. ئامێری ناوبـــراو کارێك دەکات مۆبایلەکەت لە ریزی باشترین کامێراکانی وێنەگرتن بێت، هەم زومی بەهێز، هەم فۆکســـی باش و هەم میگاپیکســـلی گونجاو، جگە لەوەش خێراییەکـــەی جۆرێکە کە دەتوانرێت لە یـــەك چرکەدا دەیان وێنە بگـــرێ. تایبەتمەندییەکی هەیە بەناوی super Raw کـــە دەتوانرێت بەهۆیەوە ٤ وێنە بگرێ و پاشان تێکەڵ بەیەك بکرێن و وێنەیەکی زۆر باشیان لێ دروســـت بکرێت. کامێراکە فیلمیش هەڵدەگرێتەوە و بـــە کوالیتی فول ئیچ دی بەجۆرێـــك ٣٠ فریـــم لە چرکەیەکدا دەگرێت.



## کامێرایەک بۆ گرتنی وێنەی هەسارە و ئەستێرەکان




گرتنی وێنەی ئاسمان لە شەودا پێویستی بە کامێرای تایبەت بەخۆی هەیە و هەموو کامێرایەك ناتوانێت وێنەی کاکێشان و هەسارەکان بگرێت. لەم دواییەدا کۆمپانیای نیکۆن کامێرایەکی بەرهەم هێنا کە بە ناوی D810A ناسراوە، کامێرای ئاماژە بۆ کراو ڕێژەی هەستیاری بە رووناکی و تیشك هەتا چوار بەرامبەر زیاتر دەکات و تاکو بکرێت وێنەی ئاسمان و ئەستێرەکان بە جوانی بگیردرێت، جگە لەوەش وەك زۆربەی کامێراکانی چاودێری فیلتەری IR-Cut تێدایە تاکو کەمترین ڕێژەی تیشکدانەوە لە وێنەدا ببێت.





## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک


**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت: ئایا ڤایرۆس زیان بە سەختە ئامراز واتە هاردوێر دەگەیەنێت، یان هەر کێشە بۆ سۆفت وێر واتە نەرمە ئامراز دروست دەکات، بە واتایەکی دیکە پرۆگرام و فایلەکان تێکدەدەن، یان پارچەکانی کۆمپیوتەریش لە کار دەخەن؟**

خوێنەری بەڕێز، بەڵێ هەرچەندە ڕاستەوخۆ پارچەکانی کۆمپیوتەر تێکنادات، بەڵام کاتێك پرۆسیسەر گەرم دادەێنێ، یان کێشە بۆ رامەکان دروست دەکات، یان کۆمپیوتەر ماندوو دەکات، ئەمانە وادەکەن کێشە بۆ پارچەکانی کۆمپیوتەریش پێك بێن. ئەگینا هیچ کاتێك ڤایرۆس ناتوانێت ڕاستەوخۆ زیان بە پارچەکانی کۆمپیوتەر بگەیەنن، بەڵام کاتێك ڤایرۆسێك وا دەکات وزەی زیاتر بۆ پارچەکانی کۆمپیوتەر بچێت، یان پرۆسیسەر گەرم دابێنێت، ئەوەیان بە مانای تێکدانی پارچەکانی کۆمپیوتەر دێت.

## کیبۆردێک بە دیزانێکی سەرنجڕاکێشەوە



کیبۆرد واتە تەختەی دوگمەکان لەم چەند ساڵەی دواییدا لە تواناییدا، لە شێوازی کارکردندا و لە ستایل و دیزایندا تا رادەیەك گۆڕانی بەسەرداهات، هەرچەندە هەموویان ستایلەکەیان یەکجۆرە، بەڵام پێدەچێت ئەم کیبـــۆردەی کە وێنەکەی لێرەدا دەبینن جیاواز بێت، کیبۆردەکە بۆ تایپ کردن زۆر گونجاوە و کارکردن بە کیبۆردەکە ئاســـانە. Jesse wincet کیبۆردەکەی بەرهەم هێناوە، کیۆردەکە تەواو ئۆرگۆنۆمییە واتە لەکاتی کارکردندا دەســـت و پەنجەی بەکارهێنەرەکەی ئازار نادات. لەو کیبـــۆردەدا ریزبەندی دوگمەکان گۆڕانی بەســـەرداهاتووە، دوگمەکان لە پشـــتەوە رووناکیان لێدەدرێت و ســـتایلی کیبۆردەکەش هـــەروەك دەبینـــن وەك پەپولە دەچێت، بەکارهێنـــەر دەتوانێت رووناکییەکە بە ویســـتی خۆی بگۆڕێت بەشـــێك لە دوگمـــەکان بە رەنگێك و بەشـــێکی تریان رەنگێکی دیکە لێبکەن.



## پایسکل لەسەردەمی دیجیتالیدا

پرســـیارێك کە رۆژانـــە چەندین جار لە خۆمـــان و لەدەوروبەریش دەپرسین ئەوەیە کە جیهان بەرەو کوێ هەنگاو دەنێ؟ تەکنەلۆژیا تا چ ســـنوورێك دەڕوات؟ هەموو شـــتێك بۆتە تەکنەلۆژیای دیجیتالی، هیچ سەیر نییە کە پایسکلیش گۆڕانی بەسەردا بێت، ئیدی لە دوو تایە و پێدانێك پێکنەهاتبێت . raht racer1 ئەم پایســـکیلەیە کە لەلایەن کرۆنفێلد دیزاینەکەی کراوە و بەرهـــەم هاتووە، هێزی پێدانی لـــە مۆتۆرێکی ئەلکترۆنی وەردەگرێت کـــە دەتوانیت خێرایی پایســـکیلەکە بگەیەنێتە پەنجا کیلۆمەتر و ئەگەر لە باترییەکەی سوود وەربگیردرێت، خێراییەکەی دەگاتە 160 کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا.



## سایتێک بۆ دروستکردنی وێنەی جووڵەدار لە وێنەکانی خۆت

وێنەی جووڵەدار، یان ئەو وێنانەی کە فۆرماتی GIFیان هەیە بە فۆتۆشۆپ، یان پرۆگرامێکی تایبەت بە وێنەی جووڵەدار دروست دەبن، بەڵام ئەگەر دەتهەوێت بەبێ پرۆگرام وێنەی جووڵەدار لە وێنەکانی خۆت دروست بکەی، سەر لە سایتی http://makeagif.com/ بدە. لەم سایتەدا دەتوانی چەند وێنەیەکی خۆت ئەپەلۆد بکەی و دواتر لە وێنەکانی تۆ سایتەکە وێنەیەکی جوڵەدار دروست دەکات.